# بێدەنگی هەنار و وڕێنەی سوور

## هەندرێن



داپڕاین لەو دنیایەی دەمێک بوو
بە زمانی سێبەرەکان دەیانلێستیتەوەو
فوویان لە ئێسکەکانت دەکرد،
چرا کوێرەکانیش خوا بوون، بە ئەلف و بای گوناهەکان دەسووتان.
ڕۆیشتن و هەتا کۆتایی ڕێگاکان، لەسەر پەیژەی ئاسمان و
پردی یادە بێ کۆتاییەکان بۆ گەردوون هانامان دەبرد،
دیمان بەسەر دەفتەری جەنگەڵدا پاییز بە رووی نورانییەوە
چەماوەتەوە، کووکوختییە بەڕۆژووەکانیش گۆشەگیر
ئایەتی تیشک دەخوێننەوە.
لێگەڕێ با ئەم ڕووبارە بێ وڵاتەش، وەک منی قەرەجی شوێن هەڵگرو
قوربانی دەست رەقی کاتە خێراکانی خۆشەویستی،
سکاڵا پەرشبووەکانت بگێڕێتەوە.
بۆ ئەو چاوەڕوانکارە گوێ رادێرن، کە لەبەردەم کات دەپاڕایەوەو
نهێنییەکانیشی پێ دەمبەست نەدەکرا.

دەبا هەمووو ناوزەدکراوەکان ئاسایی نەبن، وەک ناچاریی
ماوەی وەرزە جوانە مەرگ و دژایەتی ژیان و مەرگ و مێژووی ملهوور.
ئەم بوونەش فەنای یادەوەرییەکە، چەشنی سەفەری کەشتیی
سەردولکەکانی دایک کە بە نێو سەرمەستی قەدەرەکانی عەدەمدا
بە دوای سۆراغی مەتەڵەکان، دەمبات بۆ دوورییەکی رەها.

-تۆ ئاساش هەناری سەر مێزی ئەم ژوورەش، هێمای هاودەمی
خەونێکە، بێدەنگ سوور دەبێ لە وڕێنەیەکی تەنیادا.
بێ ئەوەی بمەوێ لە شڵەژانی هەنگاوەکان وتم:
ئەم کەژەش وێنەی تۆ:
جوانێکی خۆڵەمیشییە!
بایەکە ئیرەیی خۆی پێ نەگیرا، هات و رەنگە خۆڵەمیشییەکەی
لە رووخسارتدا پەرت کردو نێوانمانی دوور خستەوە.
رامایین!
پرسیاری خەون لەسەر گەڵا پیرەکان، وەک منداڵ سیمای گومانبوو.
ژنێتیت پێکەنی و ئەو تاڵە مووە لاسارانەت لە دەست بایەکە دەرهێنا
کە بە دوای خۆیدا رادەکێشا.
نەکا لە نێوان مەزەندەکانی مندا، دوودڵیت راز بگرێ.
- کە لێوەکانت کرۆژت، هەستت بە شکانی
و
ش
ە
کرد؟

مانگی هەیوانی تەمەکە چاوی دەسڕییەوە
لەشی درەختە رووتەکان، مراوییە بێدارو باڵندە سەرگەردانەکان
لە قەراغ دەریاچەکە خۆیان بە بیرەوەرییەکان گەرم دەکردەوە
.

ئاخۆ لە ناو گۆڕانە ناوەکان خۆت دەبینی،
یا بینینی ئێمە گۆڕانەکانی ناکاو بوو؟

هەموو ئاهەنگەکان لە ناکۆکی من و تۆوە دەچڕدرێن و
ئەڤینداریش، لە دایکبوونەوەی پەرێشانییەکە کە تا ئەوپەڕی نائاگایی،
هەروەک هەراسانبوونی شەو بە دڵەکوتەی ئەستێرەیەک.
ئەو کاتەی شەیتان شەڕەنگێزەکان هەڵدەکاڵێنێ،
فریشتە دووڕووەکانیش لەسەر گەرمی بێ مانایی پاکیزەدا
دابەشکردنی یەقین فەرامۆش دەکەن....
**تۆش لە ناو گێژەنی سەرابدا لە باران تەڕتری.**
ئاوا رۆیشتی و دەمزانی رۆژێ دادێ بە شپرزەیەکی شاراوە
پاڵتۆکەت دەپۆشی و لە یاد دەکەی مەمکەکانت بە ئاوێنەکە پێشاندەی.
دەڕۆیو رۆح بەدەم بانگێکی نادیار، باڵی بیرەوەرییەک گومڕای دەکا،
دڵیش باوێشکە لە ژێر هەورێکی بێ هەنگاو.
دەستی ناو گیرفان و پەڕی نامەیەکی کۆن و سەعاتە لە خەو ماوەکە،
رۆشناییە شەرمنەکانی خۆریش لەسەر پێستی ساردا هەڵکوڕماو،
ئەو شەقامە دەگرییە بەر، خۆت لە ناو گۆمە ئاوەکانی دەبینی،
دیسان لە یادت دەچێ سڵاو لەو کورسییە کەنەتانە بکەیت،
کە دەتناسن
دەرەوە درەنگ، ناوەوە درەنگ و
<----------- ئەوێش کۆتایی
ئێرە نییە، ----------->
درەنگ.
بێهوودە راوەستای و لە خۆڕامانت بە نیگای من،
خودایەک لەسەر ئەستانەی دەرگایەکی بێ ژوور چرای داهاتوویەکی
کوێر خامۆش دەکا.
خەونی پرسیار لەسەر گەڵا پیرەکان منداڵترو
لە چاوەڕوانی هانای گەردوون و پەیژەی ئاسمان،
لە کۆتایی رێگاو پردی یادەکان،
پاییزەی روو نوورانی و کووکوختییە بەڕۆژووەکان و
خوێندنەوەی ئایەتی تیشک.
وەک ئەڤین، هەناری سەر مێزی ئەم ژوورەش
بێدەنگ سوور دەبێ، لە وڕێنەیەکی تەنیادا!